# عەباس بەدری وئاهەنگ گێڕانی بۆ سوپای عێراق

محەمەد هەریری

عەباس بەدری نوسەری یەکێتی یە بە ئیمتیاز، ماوەیەکە بە هۆی تەزکیەی حیزبی لە ڕۆژنامەی (المؤتمر) دەنوسێت، ئەو ڕووبەرەی بۆی تەرخان کراوە هەمووی بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بەکاری دەهێنێت، وەك باسکردنی شەرەکانی یەکێتی لە کوردستان، ناوزراندنی ناحەزانیان. زۆر جاریش ختوکەی سۆزی عێراقچێتی دەدات وباسی گەڕەك وکۆڵان وشەقامەکانی بەغداد دەکات، وەك بڵێی حەسرەت لەسەر بەهەشتی ونبوو دەخوات.

ئەوەی لای من گرنگە باسی بکەم، دوا نوسینیتی لە ڕۆژنامەی (المؤتمر) ی ژمارە ٣٣٣ لە ١٠-١٦-١-٢٠٠٣. لە ژێ ناونیشانی (العید العتید لجیش العراقیین) تێیدا بە شێوازە نمایش ئامێزەکەی باسی ئاهەنگ گێڕانی خەڵکی کوردستان دەکات بە چەژنی دامەزراندنی سوپای عێراقی لە ڕۆژی دووی کانونی دووەم، بە حیوارێکی شانۆیی کە چۆن برادەرێکی عێراقی بەسەرسوڕمانەوە لێی دەپرسێت : " چما ئاهەنگیش دەگێڕن بۆ دامەزراندنی ئەو سوپایەی کوردستانی سوتاند؟"

بێگومان ئەو برادەرە عێراقیە هەقێتی سەری سوڕ بمێنێ (ئەگەر عەباس بەدری ڕاست بکات) لە بوونی گەلێکی وا مازۆخی کە چێژ لە ئەشکەنجەدانی ببینێت، و ئەشکەنجەدەرانیشی هێندە خۆش بوێت، تا ڕادەی ئەوەی ئاهەنگیان بۆ بگێڕێت.

عەباسی بەدری وەڵامێکی هێندە بێ سەروبەری دەداتەوە منالێکی قۆناغی سەرەتاییش قەناعەت پێ ناکات. لە جیاتی بڵێ ئەوە ئاڕاستە وفەرمایشتی حیزبە، لەو قۆناغە پێویستە ئەو پەڕی عێراقچێتی نیشانی خەڵك بدەین، نەوەك خوانەخواستە بۆنی جوداخوازیمان لێبکەن، یان بڵێت لە ژێر کاریگەری سەرگەرمکردنی شەوانەی ئەبو سەنا ئەو بیرۆکە وەهمییەم بۆ هات.

لە جیاتی ئەوە دەڵێت : "وتم : ئەو سوپایەی کەمن ناوی دەنێم بە (سوپای عێراقیان) ، کە دەشیڵێم مەبەستمە، ئەوە نییە کە کوردستانی سوتاند، وعێراقی کاول کرد، بەڵکو ئەوانەی ئەو کارانەیان کرد نامۆن بەو سوپایە دێرینە، وناحەزن وحاقیدن بەڕاستی بە مێژووە شەڕافەتمەندەکەی. "

کەوابوو ئەو سوپایەی کە لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە بە سوتان وکاولکردنی کوردستان فرچکی گرتووە، لە سایەی نوسەری دەرباری حیزب ئەمڕۆ بۆتە خاوەن مێژوویەکی شەرافەتمەند.

ئەگەر کۆنە بەعسیەك وعەرەبێکی قەومی شۆڤێنی ئەو قسەیە بکات لێی ناگیرێت، بەڵام نوسەرێکی کورد، سەر بە حزبێکی باڵا دەستی کوردستان، کە گوایە پرۆژەی ڕزگاری کوردیان پێیە، ئەو قسەیە بدرکێنێ ئەوە کارەساتە.

عەباس بەدری وادەزانێت بەس ئەو عەرەبی زانە لەناو کورددا، وبەگێلمان تێدەگات ئەگینا ئەو درۆیە شاخدارانەی نەدەکرد.

کەی یەك کورد ئاهەنگی گێڕاوە بە بۆنەی دامەزراندنی دڕندەترین سوپا کە سوپای عێراقی ناموبارەکە؟ بۆ خەڵکی چما تاقەتی ماوە ئاهەنگ بگێڕێت بە بۆنەی دامەزراندنی حیزبە بالادەستەکان وغەیری ئەوانیش تا ئاهەنگ بگێڕێت بۆ سوپای کاولکەری عێراق؟

خۆزگە عەباس بەدری پێمانی دەگوت کامە سوپا بوو کوردستانی سوتاند وعێراقی کاول کرد، وادیارە سوپایەکی وەهمی لە زیهنی خۆی خوڵقاندوە، دەیەوێش ئێمەش بەو وەهمە بڵێین ئەشهەدو ئامین.

خۆزگە عەباس بەدری تەنها یەك هەڵوێستی شەریفانەی ئەو سوپایە نامەردەی بۆ ئێمە باس دەکرد دەرهەق بە کوردستان ودۆزی کورد، بەڵکو ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکە وەهمیانەی ئەو ئاهەنگمان دەگێڕا. بەڕاستی زۆربەی جار مرۆ لە سۆنگەی قەدەغە وتابۆکانی حیزبی یا دەبەنگ دەبێت، یانیش دەبێت ڕۆڵی دەبەنگی یاری بکات، چونکە بیرکردنەوە لەناو حیزبی ڕۆژهەڵاتی ترسناکە، بەتایبەت ئەگەر ئەو حیزبە ڕەگی لە زەمینەی ستالینیزمیەت داکوتا بێت.

دەڵێن خومەینی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی ساختومانی هەندێك دامودەزگای گەندەڵی شای ڕوخاند وختسیە دەریا، هەرچەندە خۆشی لە شا چاکتری نەکرد، بەڵام ئەوەی مەبەستمە لەو باسە ئەوەیە، ئەگەر ڕژێمی عێراق لەبەین بردرا، پێویستە مێژووی دامەزراندنی ئەو سوپایەش بگۆڕدرێت بە دامەزراندنی سوپایەك لە ڕاژەی هەمو گەلانی عێراق بێت، پارێزەری دەسکەوتەکانی بێت، بۆ پاراستنی ئەمن وئاسایشی بێت نەك سەرکوتکەری داوایە مەشروعەکانی گەلانی ناو عێراق بێت.

ئەو سوپایە وەهمییەی عەباس بەدری باسی دەكات، هێشتا لەدایك نەبوە، كەی دروست بوو ئەو كاتە بەڕاستی ئاهەنگی بۆ دەگێڕین، ئێمەی كورد هێندە مازۆخی نین تا ئاهەنگ بۆ كاولكەر وسوتێنەری كوردستان وبۆمبارێژی هەلەبجە وئەنجامدەرانی ئەنفالی بەدناو بگێڕین.

تا ئەو كاتەش دێت با عەباس بەدری وحزبی قائیدی بەتەنیا ئاهەنگ بگێڕن بۆ ئەو سوپایە نەگریسەی، كە زیاتر لە سی ساڵە وەك مەری گێژ لەبەرژەوەندی دیكتاتۆرێكی ملهوڕ دایە، ووەك سەگی هاریش پەلاماری ئەم وئەو دەدات لە پێناوی، تكاشم بۆ عەباس بەدری ئەوەیە بەدرۆ هەواڵی ئاهەنگ گێڕانی (كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان) بڵاو نەكاتەوە.

لەندەن ١٢-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org كوردستان نێت